# پەلەقاژێی نووسەرانی تەنك ئەندێش لە گەرەلاوژێی نەزانیدا

هەژێن

بەشی دووەم*

هەروەك لە بەشی یەكەمی ئەم باسەدا ، پەنجەم بۆ ڕاكێشا، لە زمانی كوردیدا بە دوو شێوە واژەی (ئانارشیزم) بەكار براوە؛ جارێك بە هەڵە و لەژێر لاسایی زمانی فەرمی ئەو ولاتانەدا كە كوردستانیان بەسەردا دابەشێنراوە، لەوانە عەرەبی. جارێكیش بەمەبستی ڕامیاری نووسەرانی كورد، كە خۆی لە بەرژەوەندی پارتایەتی و پاشكۆیی بۆ داخوازییەكانی دەسەڵاتدا دەبینێتەوە. وەك لە بەشی یەكەمدا بڕیارمدا، دوو كەس وەك نموونە لەو نووسەرانە وەردەگرم، كە زۆر ئاشكرا و بێ بۆنە و ناپەیوەست واژەی ئانارشیزم تێكەڵ بە بابەتەكەیان دەكەن و ئەگەر بە وردی لە سەراپای بابەتەكەیان وردبینەوە، دەبینین ئامانجیان تەنیا هاوتاكردنی ئانارشیزمە لەگەڵ ئاژاوەچییەتی و گەرەلاوژێدا و لەهەردوو باردا بەرگریكردنە لە دەسەلات.

(ئیبراهیم مەلازادە- ژمارە ٣٠٦، خولی سێیەم، ڕۆژی ٢٠٠٧/٠٤/١٨ ماڵپەری دەنگەكان) و (ئالان حەمەسەعید- ژمارە ٦٨ی هەفتەنامەی ئاوێنە) هەردووكیان لە دوو نووسینی شێوە وەلام بە نووسەرانی ڕەخنەگر لە دەسەلاتی هەرێمی كوردستان، دەكەونە پاساو  بۆ ڕامیارییەكانی ڕژێم و سەركۆنەی ناڕازییان.

ئیبراهیم مەلازادە نووسینێكی بەناوی بەرهەمهێنانی گەڕەلاوژێ (فەروزا یا كەیۆتیك) چركەساتی پاشەكشێ پێكردنی ئەقڵ و بەرهەمهێنانی (فەوزا) لە نەستی هەندێ لە قەڵەم بەدەستانی كورددا. بڵاوكراوە لە ماڵپەری دەنگەكان، ژمارە ٣٠٦،  خولی سێیەم، ڕۆژی ٢٠٠٧/٠٤/١٨، بڵاوكردووەتەوە، كە من لێرەدا وەك نموونە لە خەروارێك نووسینی نێوماڵپەرەكان دەیدەمە بەر سەرنج.

مەلازادە تەنانەت لە سەر وتارەكەشیدا ناتوانێت، بەر بە ڕكوكینەی خۆی بەرامبەر ڕەخنەگرانی دەسەڵات بگرێت و نووسەران بە قەڵەم بەدەستان ناودەبات. وی هەر لەم ساتەوە پردی گفتوگۆ و بیروڕاگۆڕینەوە دەڕوخێنێت و دەكەوێتە سوكایەتی بە نووسەران. وەك دەزانین لە گشت زمانەكانی دونیادا نووسەر نووسەرە و (قەلەمبەدەست)یش كە واژەیەكی لێكدراوە و بەسەریەكەوە دەنووسرێت، ئەم وشە لێكدراوە لە دووبەش پێكدێت، قەڵەم كە لە (قلم)ی عەرەبییەوە هاتووە و (بەدەست) پاشگرێكی كوردییە. ئەگەر ئەم وشەیە بە كوردی بكەینەوە، ئەوا دەبێتە خامەبەدەست، كە لەم بارەدا هێمایە بۆ خوێندەوار، ئەگەریش جارێكی تر بە عەرەبییەكی بە كوردی كراو – ئەهلی قەلەم- بەكاری بەرینەوە، ئەوا مەبەست لە ڕۆشنبیرانە، بەڵام ئەگەر بەو واتایە كە پارتەكان و دەسەلاتداران بۆ سوكایەتی بە ڕەخنەگرانیان بەكاری دەبەن- هەروەك مەلازادە بەكاری بردووە- لەبەرچاوی بگرین، ئەوا سوكایەتییەكی ئاشكراو نكۆڵی لێنەكراوە و لە بواری نووسین و ڕۆشنبیریدا بە واتای سەرەڕۆ و خۆڕی و سەرگەردان دێت. ئەگینا لە باشترین باردا بە واتای ژمێریاری نووسینگەیەك دێت، كە لەم بارەیاندا پڕبەپێستی نووسەرانێكە كە دەرباری دەسەلاتن!

ئەگەر مەلازادە مەبەستی لە بەکارهێنانی سوکایەتی نەبووە و نییە، ئەوا کورتر و جوانتر و گونجاوترین وشە، وشەی نووسەرە و پێشموانییە وی پەی بەوە نەبردبێت و وشەی نووسەری نەبیستبێت!

وی دەستپێکی بابەتەکەی بە لێکۆڵینەوە لە واتای (فەوزا) و گەران بەدوای ئەڵتەرناتیڤدا، دەستپێدەکات، کە هەر لەسەرەتاوە وا لەخوێنەر دەگەیێنێت، کە وی خەریکی نووسینەوەی بابەتێکی وێژەییە یا بەراورد لە نێوان (فەوزا) و (کەیۆتیك)دا دەکات. بەڵام هەرزوو دەستی خۆی دەردەخا و ئامانجە سەرەکییەکەی لە نووسینەکەی کە چواندنی ئانارشیزمە بە گەرەلاوژێ، دەخاتەڕوو.

چونکە نووسەر بە ئامانجێکی شاراوەوە، دەست بۆ نووسینەکەی دەبات، کۆپلەی دووەم لە نووسینەکەیدا ناپێویستانە و ناپەیوەستانە قوتدەبێتەوە و تەنانەت خۆی سەری لە خۆی شێواندووە و جارێك ئانارشیزم دەکاتە فەوزا: نامەوێ بچمە دونیای قوتابخانەی ئەنارشیزم، چونکە ئەوەی لە دونیای کورددا بە گشتی و لە دونیای ڕۆشنبیری کوردیشدا ڕوودەدا گەڕەلاوژێ و فەوزایە بە هەموو ماناکانی ئەو فەوزایە. بۆیە ئێمە فەوزەویمان نین بە مانای هەڵگرانی بیروبۆچوونی قوتابخانەی ئەنارشیزم، بەڵکو فەوزەویەکانی کورد لە پێیانەوە تا تۆقی سەریان لەو جۆرە فەوزایەدا ڕۆچوون کە پێی دەڵێن گەڕەلاوژێ، تەنانەت ئەو بیروبۆچوونانەش کە هەڵیان گرتوون تەنها توێکڵە و لێکۆڵەر و توێژەری جیدیمان ئەگەر هەشبن ئەوا دەبێ بە چرا بۆیان بگەڕێین.

جارێکی تریش ئانارشیزم دەکاتە: پێم وانیە قەڵەمبەدەستانی کورد لەو تەرزانە بن کە بیریاری ئینگلیزی (William Godwin 1756 – 1836) و فەیلەسوی فەرەنسی (Pierre Proudhon 1809 – 1865) قسەی لێوە دەکەن و سەر بە قوتابخانەی ئەنارشیزمن، ئەوان قسە لە مرۆڤایەتیەکی عەقلانی ڕۆشنبیر دەکەن کە دەیانەویست لە کۆتوبەندی ئەو دەزگا ڕەسمیانە ڕزگاریان بێ کە ڕەفتاری نا عەقلانیان دەگرتە بەر لە چاخی سەرەتاییدا.

من تێناگەم، کاتێك کە ئانارشیزم گەرەلاوژێ بێت، ئیتر چۆن دەتوانێت قسە لە مرۆڤایەتی عەقلانی و ڕۆشنبیر بکات و مرۆڤایەتی لە دامودەزگەی نا عەقلانی ڕزگار بکات؟! پاشان کە بیریاری ئینگلیزی (William Godwin 1756 – 1836) و فەیلەسوی فەرەنسی (Pierre Proudhon 1809 – 1865) لە سەدەی هەژدە و نوزدەدا ژیابن، چۆن ویستوویانە مرۆڤایەتی لە کۆتوبەندی ئەو دەزگا ڕەسمیانە ڕزگاریان بێ کە ڕەفتاری نا عەقلانیان دەگرتە بەر لە چاخی سەرەتاییدا. لێرەدا مەبەست لە چاخی سەرەتایی چییە؟

بۆ من، وەك پەنجەم بۆ ڕاکێشا، هۆی قوتبوونەوەی پەرەگرافی دووەم ڕۆشنە. وەك ڕاسپاردەیەك زۆر ناشیبیانە ترنجێنراوەتە بابەتەکەوە. ئەگینا کاتێك کە نووسەر دەزانێت (Chaotic) بە واتای گەڕەلاوژێ دێت، ئیتر چ ئەفسونێك ناچار بە تێکەڵکردنی لەگەڵ واژەی (Anarchism)ی دەکات؟ ئایا لە چ زمانێکی سەر گۆی ئەم زەمینەدا ئەم دوو واژە (Chaotic ، Anarchism) هاوواتان؟

ئەگەر لەمەش گەڕێین، دەبینین نووسەر چۆن کەوتۆتە ناکۆکی لەگەڵ خۆی و ئەرکەکەی بە لێزانییەوە ئەنجام نادات: ئەوانەش کە ڕەخنە لە هەموو شتێك دەگرن ئەگەر پێیان وابێ دژی کۆمەڵگای بێ دەوڵەتن و هەرچی لە کەسان و سەرانی دەوڵەتەوە دەربچێ هەڵە بێ و خراپ بێ،

دەکرێ نووسەر کەمێك ئەوەی لێرەدا هێڵم بەژێردا هێناوە و سوورم کردووە، بۆمان ڕوون بکاتەوە و پێمان بڵێت، کەسانێك کە دژی کۆمەڵگای بێ دەوڵەتن، چۆن هەرچی لە کەسانی دەوڵەتەوە دەربچێت ئەوان بەهەڵە و خراپی دەزانن؟ ئەمە پێچەوانەی لۆژیکە، چونکە لۆژیك پێمان دەڵێت، ئەوەی دژی کۆمەڵگەی نادەوڵەتی بێت، لایەنگری دەوڵەتە و ئەوەش دژی دەوڵەت بێت، لایەنگری کۆمەڵگەی نادەوڵەتییە!

نووسەر لە پەرەگرافی سێیەمدا دەگەڕێتەوە سەر ڕەوتی پەرەگرافی یەکەم و پەلوپۆ بۆ مەبەستە لاوەکییەکەی کە نووسەرانی ناڕازین، دەکا و بۆ ئەوەی هاندەرە دەسەڵاتییەکەی بشارێتەوە، بەرەی دەسەلاتدار و بەرەی ڕەخنەگرانی دەسەلات دەخاتە دوو تای تەرازوویەکەوە و دەنووسێت: کەواتە ئەوەی لە دونیای کوردیدا ڕوو دەدا، چ بەرەی دەسەڵاتدار و چ بەرەی ئەو قەڵەمبەدەستانەش کە ناڕازین لە هەموو شتێك، بیروباوەڕێکی دیاریکراو نایانجوڵێنێ، بەو مانایەی کە کێشەکان ئایدیۆلۆژی نین بەقەد ئەوەی ئیرادەی هەمەجۆری ناهەش و هەندێك جاریش ناڕەسەن لە پشتەوەی ئەکتەرەکان هەن.

کاتێك کە وشەی (کەواتە) بەکاردەبەین، کەواتە لەپێشدا گریمانەیەکمان بەکاربردووە. بەلام من لە پەرەگرافی یەکەمدا هیچ گریمانەیەك بەدی ناکەم و وەك دەبینین پەرەگرافی دووەم زیادە و ناپەیوەست و ناپێویستە، ئیتر نازانم ئەوە چییە لە پەرەگرافی سێیەمدا، کەواتە دەهێنێتە پێشەوە. کە بە بڕوای من مەلازادە لەبری ئەو سەرلێشێواندنەی کە بۆ خۆی و خوێنەر دروستی کردووە، باشتر بوو کەمێك خۆی بە بەکاربردنی ئامرازەکانی گرێدانەوە و چۆنیەتی دارشتنی تان و پۆی نووسینەوە خەریك کردبا! ئاخر گرفتی ڕێزمانی و زمانەوانی گەلێك گەورەتر و زمانوێرانکەرترمان هەن و بوونەتە شیرپەنجەی زمان و لە نەخۆشییە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکان کەمتر نین و تەنانەت سەچاوەشیان لە گەرەلاوژێی ڕامیاریدایە!

نووسەر بۆ داکۆکی لە بۆچوونەکەی و مەتەرێزلێدان بەرگی نەتەوەیی بە ئامانجەکاندا دەپۆشێت و پشتێنەیەکی ئایدیۆلۆژی دەکاتە پێداویستی کێشەکان و دەیهەوێت لە بوونە کۆمەلایەتییەکە دایانبرێت و دەکەوێتە وشەریزکردن بۆ واتابەخشین بە ئیرادەی ناڕەسەن. ئەمەیان داهێنانە و ناکرێت بەسەریدا تێپەڕین و پێویستە پرسیاری ئاراستە بکەین، تاوەکو بۆمان ڕوون بکاتەوە، ئاخر من یەك بەخۆم یەکەمجارمە ئیرادەی ڕەسەن و ناڕەسەن ببیستم و هەرچەند مێشکم دەگوشم، ناگەمە ئەو بڕوایەی کە ئیرادەی ناڕەسەن هەبێت! ئیرادە، ئیرادەیە و یا هەیە یا نییە و ئیرادەکردنیش هوشیاری گەرەکە! دەکرێ بڵێین فلان بەرهەمی پیشەسازی رەسەنە یا ناڕەسەن (ساختە)یە، بەڵام ئیرادەی ساختەمان نییە!

نووسەر دێتە سەر بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد و گلەیی لە پارت و خێڵ و بنەماڵە دەکات. زۆر بەخێرایی تێدەپەڕێ و لەسەر دەستەواژەی بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد ناوەستێت. وەها لە نەتەوە و خێڵ دەدوێت، وەك دوو شتی نامۆ بەیەك! مەگەر خێڵ یەکەی سەرەتایی نەتەوە نییە،

مەگەر پارتەکان جێگرەوەی دەستەوتاقمی سەرۆکخێڵەکان نین، مەگەر بنەماڵەی سەردەستی خێڵ- ئاغاکان- نین لە قۆناخی بە نەتەوەبووندا دەبنە بۆرژوازی؟ ئایا لە خێڵایەتیدا شتێك هەیە بەرژەوەندی نۆکەر و ئاغا کۆبکاتەوە، تاوەکو ئەورۆکە شتێك هەبێت بەرژەوەندی کارگەری کورد و بۆرژوازی کورد، چەوساوە و چەوسێنەری، دز و دزی لێکراو، زیندانی و زیندانەوان پێکەوە کۆبکاتەوە و لێکیان گرێ بدات و بیانخاتە سەنگەرێکەوە، ئەگەر ناهوشیاری چەوساوانی لێ دەرکەی؟

من پێموانییە ئەگەر دەرکمان لە پێکهاتەی کۆمەڵگە و ڕێوشوێنی جیاوازی چینە کۆمەڵایەتییەکان هەبێت و هوشیار بین، نابێت ئەوەی کە بۆرژوازی کورد، بەرژەوەندی زۆرینە دەکاتە قوربانی کورسی و سوود و قازانجەکەی، بۆمان جێگەی گلەیی بێت. بەلام ئەوە جێگەی سەرکۆنەیە کە کاتێك سەربازێکی کوڕە کارگەر، کارگەرێك، مامۆستایەك، فەرمانبەرێك، خوێندکارێك، نووسەرێکی گیرفانبەتاڵی سەربە چین و توێژەکانی خوارەوە، بۆ بەرژەوەندی بۆرژوازی لەژێر پەردەی بەرژەوەندی نەتەوەداخۆی بەکوشت بدات یا کار بۆ ڕاگرتنی بەڕێوەبەرایەتی مشەخۆرانی کۆمەڵگە بکات!

پاش ئەو هەمگە سوکایەتییە بە نووسەران، ئەوسا نووسەر دەڵێت: <u>پەنابردنم بۆ وشەی قەڵەم بەدەست دڵەڕاوکێم بوو لە بەکارهێنانی وشەی ڕۆشنبیر، بۆ ئەوەی زیاتر نزیك بکەومەوە لە دروستترین حاڵەتی ئەمڕۆی ئەو ئێلیتەیەی کە خۆیان بە تاکە پاڵەوانی کێڵگەی ڕۆشنبیری کوردی دەژمێرن بە باشم زانی وشەی قەڵەم بەدەست بەکاربێنم، چونکە بۆی هەیە هەموو ڕۆشنبیرێك قەڵەم بەدەست بێ بەڵام هەموو قەڵەم بەدەستێك ڕۆشنبیر نەبێ.</u>

ئەمە قسەیەکی پێشینانی وەبیر هێنامەوە کە دەڵێت، پاساو لە هەڵە خراپتر، ئاخر کاتێك کە تۆ جیاوازی لەنێوان ڕۆشنبیر و قەلەم بەدەست ناکەی و قەلەم بەدەستیش لە بری خوێندەوار بەکار دەبەی، ئیتر بۆ پێچاوتەتە باسی زمانەوانی و لێکدانەوەی هزری ئەزیزەکەم، ڕاستەوراست سەیری فەرهەنگێکی کوردیت بکردایە، لە یەکێك لەو قەلەمبەدەستانەی کە خۆت ناتەوێ پێیان بڵێیت نووسەر و سەروگوێلاکت شەلوپەت کردوون، بپرسیایە، ئەوا بە دڵێکی فراوانەوە پێی دەوتی قەلەم بەدەست نا نووسەر، ڕۆشبیریش بە واتای خوێندەوار نایێت و ئێلیتیش واتە (نخبة) هەڵکەوتە، دەرکەوتە، دەستەبژێر و پێویستیشی نەدەکرد چەند کیلۆبایتێکیش لە ماڵپەڕی دەنگەکان داگیر بکەیت!

دواجار لەبیری دەچێت، دەستی دەسەلات لە پشت نووسینەکەیەوە بشارێتەوە و دەکەوێتە خوێندنەوەی وتارە ورەبییەکانی دەزگەکانی ڕاگەیاندن و سەرۆك و رامکارەکانی بۆرژوازی کورد و کۆپلە کۆپلە ڕیزیان دەکات: <u>جاری وا هەبووە یەك ڕۆشنبیر ڕۆڵی یەك سوپای گێڕاوە، گەورەترین مەترسی لەسەر وڵات دوورخستۆتەوە، یا گەورەترین ڕۆڵی بینیوە لە جۆشدانی جەماوەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسیە دەرەکیەکان یا ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیە ناوخۆییەکان.</u> +

لێرەدا سەرنج بۆ خوێنەری وردخوێن بەجێ دەهێڵم و تەنیا دەپرسم ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییە ناوخۆییەکان چی دەگەیێنێت و مەترسی ناوخۆیی کامانەن؟ بێجگە لە هەوڵی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانەی ئانارشیستە دژە دەسەڵاتەکان بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی بۆرژوازی نەتەوەکەت؟

که دەڵێم ئانارشیستەکان، مەبەستم کەمڕەنگکردنەوەی ڕۆڵی ئاراستە هزری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی تر یا گەورەکردنی ئانارشیستەکان نییە، بەڵکو وەلامی نووسەر مەلازادەیە، کە هەر ڕەخنە و ناڕەزایەتییەك لە دەسەلات بە فەوزا دەچوێنێت و مەبەستیشی لە فەوزا ئانارشیزمە!

پاشان نووسەر درێژە بەبابەتەکەی دەدا و دەنووسێت: حاڵەتی ئەمڕۆی سیاسی، ئابووری، پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان هێشتا حاڵەتێکی ناسەقامگیر و نادروستە، بە مانایەکی تر لە قۆناغی گواستنەوە دایە، ئەگەر لە نیوەی ڕێگا تەشقەڵەی پێنەکرێت و پشتاوپشت لەزەوی قایم نەکرێ. حاڵەتی ڕۆشنبیریشمان بە هەمان شێوە هێشتا سیمای دیار و ڕۆشنی وەرنەگرتوون. من بەش بە حاڵی خۆم بڕوام بەوە نیە داگیرکەر بتوانێ ئامانجەکانی بپێکێ، ئەگەر لە ناوەوە دەستبەندی بۆ نەکرێ و پشتیوانی لێ نەکرێ. ئەو حاڵەتە، واتە حاڵەتی ناسەقامگیری یا بوونی فەوزا زەمینەیەکی لەباری ساز کردووە بۆ بە ئاسانی وەژوورکەوتنی تێکڕای مەترسیە دەرەکی و زاڵبوونی مەترسیە ناوخۆییەکان.

لێرەشدا خوێندنەوەی قسە فریودەرەکانی سەرۆککۆمار و ڕابەر و سەرۆکپارلەمان و سەرۆکپارتەکان لە تێکستەکەی ویدا بۆ خوێنەرانی بە سەرنج بەجێدەهێلم و تەنیا دەپرسم ئەگەر لە ناوەوە دەستبەندی بۆ نەکرێ و پشتیوانی لێ نەکرێ ...... و زاڵبوونی مەترسیە ناوخۆییەکان... کێن ئەوانەی کە لەناوەوە دەستەبەندی دەکەن و مەترسییە ناوخۆییەکان کامانەن؟ ئایا ئەمە بە دوژمن چواندنی نارازییان نییە، بە دەربڕینێکی تر؟

نووسەر بەچاویلکەی دەسەلاتداران کەتوار دەخوێنێتەوە، بۆیە ئەو کەتوارە نابینێت، کە بۆرژوازی کورد لە هاوبەرژەوەندێتی چینایەتی خۆیدا کێشەیەکی بەناوی ستەمی نەتەوایەتی لەگەڵ بۆرژوازی عەرەبدا نییە و ئەوەی هەیە شەری دابەشکردنی دەستکەوتی قومارێکە، کە سەرۆك بوش لە ٢٠٠٣دا هەمووانی بۆ سەر مێزەکەی بانگەواز کرد! بۆرژوازی کورد بە بەرچاوی هەمووانەوە و بە کوردی و پەتی ئامادە نییە ئەنفال و کیمیاباران بە پاکتاوی ڕەگەزی بناسێنێت و نامەی پشتیوانی بۆ سەرلەشکرە ئەنفالکەرەکان دەنێرێت! ئیتر چ پێویست بە ڕاو لە گۆمی لێڵدا دەکات، کێن کە دەرگە بۆ دوژمن ئاوەلا دەکەن، نووسەرانی ڕەخنەگر و دژە دەسەڵات یا سەرانی نەتەوەن، ئەزیزەکەم؟

نووسەر دەکەوێتە ئەندێشاندنی بابەتەکەی و دەڵێت : بەڵام هەموو ئەو کێشانە بە ئەقڵ و بە یاسابۆدانان و لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردن دووریانی شیاوی خۆیان وەردەگرن و چارەسەریان بۆ دەدۆزرێتەوە، بە کورتی پێویستیان بە وەبەرهێنانی مەعریفەیە.

جێی خۆیەتی لە بەرێزی بپرسین لە کەی مێژوودا و لەکوێی ئەم جیهانەدا ڕوویداوە، کە دەسەڵات بەگوڵ وەلامی ناڕەزایەتی بداتەوە، ئایا پێویست دەکات جارێکی تر وەلامی لەشکری ٨ دەسەلاتە ئابورییە دیموکراتەکانی جیهان بۆ خۆپیشاندەرانی دژە شەڕ و دژە کاپیتالیستت لە سوێدی کۆترەکەی سەرمایەداری و لە کەنەدا و ئیتالیا و ئەمریکا، لانکەکانی دیموکراسی وەبیر بێنمەوە، چۆن بە دەستڕێژی گوللە وەڵامی دروشم و هیتافی جەماوەریان داوەتەوە! تاوەکو ئێمەی ژێرچەپۆکی

یەکێك لە پۆلیسیترین و سەربازیترین دەسەلاتی جیهان کە ڕژێمی بۆرژوازی عیراق و کوردستانە، دان بەخۆماندا بگرین و وەلامی پێشێلکارییەکان بە چەپکە گوڵ بدەینەوە؟

هەرچەندە نووسەر خۆی لە گێلی دەدا و وا نیشاندەدات، کە تێناگات : بەداخەوە هەست بە نائومێدیەکی زۆری خەڵك دەکرێ لەم ڕووەوە. نەك بە پێچەوانەوە وەکو حاڵەتی ئەمڕۆی کوردستان سەرکردەو بەرپرسەکان گلەیی لە خوارەوە بکەن و خوارەوەش گلەیی لە سەرەوە بکەن، زۆر جارانیش هیچ لایەکیان نازانن چیان لەیەکتری دەوێ، بێجگە لە بەرهەمهێنانی فەوزا.

چونکە وی خوازیاری بێدەنگەی جەماوەر و دلخۆشی و دەستخۆشانەیە لە پێشێلکارییەکانی دەسەلاتی بۆرژوازی کورد، لە نائومێدی خەڵك زۆر بەداخە! ئەمە سەیر نییە و کەسێك کە پێنووسەکەی لە بەرژەوەندی دەسەلات بنووسێت و دەسەلات بە نوێنەری سەراپای کۆمەڵگە بزانێت، ئیتر ئاساییشە، پێنووسەکەی بە چاوی خوێنەردا بکات! نازانم ئەو چۆن دەوێرێت بنووسێت: زۆرجارانیش هیچ لایەکیان نازانن چییان لەیەکتر دەوێت، بێجگە لە بەرهەمهێنانی بێسەرەوبەرەیی.
کەسانێك بێنە سەر شەقام و سنگ بە گوللەوە بنێن و ئامادەبن چەند مانگ لە سیاچاڵەکانی بۆرژوازی کوردا داڕزێن، چۆن نازانن چییان دەوێت؟ ئەمە بێڕێزی بە جەماوەر نەبێت، ئەی چییە؟ ئەمە وەلامی دەسەلاتدارانی کورد بوو، بۆ خۆپیشاندەرانی هەڵەبجە! ئەگەر داواکردنی نان و ئاو و کارەبا فەوزا بێت، جێی خۆی نییە گشتمان ببینە فەوزەوی -مەبەستم ئاژاوەچییە نەك ئانارشیست وەك نووسەر پێیوایە-؟

نووسەر لەهەمان پەرەگرافدا درێژەی دەداتێ و دەنووسێت: لێرەدا ڕۆڵی هەندێ لە قەڵەم بەدەستەکانیش وەدیار دەکەوێ، کێشە سەرەکی و گرنگەکان لە بیر دەکەن، یا وەلای دەنێن، بۆ ئەوەی لە پێناو هەندێك مەبەستی کاتی بخزێنە ناو سیستمی فەوزا و لە شێوازێکی نوێدا گەندەڵی بەرهەم بێنن.

دەکرێت بزانین ئەو کێشە سەرەکییانە کامانەن، کە لەسەروی داخوازی نان و کار و ئازادییەوەن؟ ئاهەنگە دەملیۆنییەکەی کوڕی سەرۆککۆمار، مۆبایلە بەکوردیکراوەکەی سەرۆکشالیار، بەخشیشەکانی سەرۆککۆمار، ژمارە بانکییە نهێنییەکانی سەرانی نەتەوە، بە پارتیکردنی کارگە و کارخانە و فەرمانگە و .. کۆمەڵگە، قوتکردنەوەی هێزە ئیسلامییەکان، .. ، ... ؟ کامانەن ئەو کێشە سەرکییانە، تکایە بۆمان ڕیز بکە!

نووسەر دەڵێت: ئەوان لەو چرکەساتەدا ئاگایان لە مەترسیە دەرەکیەکان نامێنێ تا بەرەنگاری ببنەوە، کە لە حاڵەتی کوردستاندا داگیرکەرانی پارچەکانی تری کوردستانە، ناسنامەی هەڵگلۆفاو و پارچە پارچەی نەتەوەیی کوردە، پرسی کەرکوکە، هەڕەشەی تەرۆریزمە، ئازادیەکانی ناوخۆیی و چەسپاندنی سیستمی دیموکراسی و پرسی گەندەڵیە. ئەوان لەو پرۆسەیەدا دەیانەوێ بناسرێن و ببنە سەنتەری قسەو باس ئەگەر لەسەر حیسابی گەل و نەتەوە و کێشە پیرۆزەکانیشیان بێ.

لەبەر ئەوەی نووسەر پاش یازدە پەرەگراف تازە بەتازە دەیهەوێت بچێتە قوڵایی بابەتەکەیەوە و مەبستی ڕۆشن بکاتەوە و بۆ ئەم مەبەستە دەکەوێتە ئامۆژگاری نووسەران – خۆی واتەنی قەڵەم بەدەستان-. بۆیە من لەوە زیاتر تاوتوێی رستەکانی ناکەم و گەر بەوکارە هەستم ئەوا دەستەواژە بە دەستەواژەی وەڵامێك وەردەگرێت. لێرەدا سەرنجەکانم بە وەلامی دوا پێنج ڕستەی پەرەگرافی نۆهەمی کۆتایی پێدێنم و لەوە زیاتر کات لە خوێنەرانی هێژا ناگرم.

نووسەر، نووسەران لە مەترسی داگیرکەرانی پەرچەکانی تری کوردستان، ئاگادار دەکاتەوە! ئەگەر ئەمە بە گوێی دانیشتوویەکی (ئوستراليا) یا (ئەسکیمۆ)دا بدەی، لەوانەیە قسە هەڵنەگرێت، بەلام بۆ ئێمەی کوردزمان و دانیشتووی باشوری کوردستانی ژێرچەپۆکی بۆرژوازی کورد، کە ڕۆژانە بە بەرچاومانەوە سەرانی نەتەوە، سەودا و مامەڵە بە گەڕیلاکانی ڕۆژهەڵات و باکوور، بە ئێسکوپروسکی ئەنفالکراوان، بە کیمیاکوژکراوانی هەلەبجە، بە کچە کوردە فرۆشراوەکانی میسر و وڵاتانی کەنداوی عەرەبی دەکەن و دڵەکەی کوردستانیش هەراجفرۆش دەکەن، ئیتر ئەم قسانە دەچنە خانەی گاڵتەجاری و کەس بە پولێکی قەڵب کڕیاریان نابێت! ئەرێ بەراست حیسابی گەل و نەتەوە چییە و کێشە پیرۆزەکانیشیان کامانەن؟

ئەمە سەرەنجامی ئاوەژوو بیرکردنەوەیە، کاتێك کە لە بیرکردنەوەی کەسێکدا دەسەڵات و یاسا و نەوت و خاك لە مرۆڤ بەنرختر بێت، ئیتر خەمی نان و خەونی ئازادپەیڤین و ژانی لەدایکبوونێکی نوێ دەچنە خانەی ترۆهات و مرۆڤیش دەبێتە ئاژەڵێکی شوانخواز و درکاندنی هەر ناڕەزایەتییەکیش بەڕووی خواکانی نەتەوە و نیشتماندا، تاوانباری و زیندان بەباڵایدا دەبڕێت. ئەمە تێڕوانینی دەوڵەتمەندانە بۆ مرۆڤەکانی خوارەوە. نووسەرانی دەسەڵاتیش ڕەوایەتی بەوە دەدەن، ئەوە ئەو ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەیە کە باسی لێوە دەکەن و شانازی پێوەدەکەن و لە ئەستۆیان گرتووە!

دوا وشە، من ڕەخنە و سەرنج بۆ ئەوە ناخەمە سەر بابەتی نووسەرێك، کە نووسەرەکەی لە ناڕۆشنی و هەڵە ئاگادارکەمەوە، بەڵکو دواندنی خوێنەری هێژایە و کردنەوەی دەرگە بە ڕووی بابەتگەلێکدا کە قسەی کەمیان لەسەر کراوە یا هەر لەسەر نەکراوە، هەروەها ڕێگە بە خۆشم نادەم ئامۆژگاری کەس بکەم، چونکە ئەوانەی کە ئامۆژگاری دەکەن، لەسەری خەڵکەوەن! تەنیا داوایەکم لە نووسەر (مەلازادە) ئەوەیە، کە هێندەی خەمی کورددانی واژەکانییەتی، هێندەش گرنگی بەلایەنی ڕێزمانی نووسینەکانی بدات!